

# پاژنەی پانیبەرزەکانی* حەپسەخانی نەقیب

## جەزا چنگیانی

هەر کەسێك گەرەکی بێت مێژووی شاری سلیمانی بنوسێتەوە یان بخوێنیتەوە .ئەوە پڕشنگی چەپکە ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئەم شارە کەناڵی توێژینەوەکەی و ڕووی دەقەکەی نەك ڕووناك بەڵکو دەڕازینێتەوە . دەنکە ئەستێرەکانی ئەم شارە ملۆانکەی مێژووی شارێکە . کە لە مێژوودا بە شاری (هەڵمەت و قوربانی ) ناسناوکاراوە . ئەم نازناوە دوو ووشەییە . ( هەڵمەت ) ەکەی لە ڕاپەڕین و شۆڕش وجەربەزی باڵای هەستی کوردایەتیانەی ڕۆڵەکانیەوە هاتووە . ( قوربانی ) یەکەشی لە ئامادە بوونی دانیشنوانەکەیەوە کە هەمیشە ئامادەبوون لە پێناوی سەرفرازی وکەرامەتی مرۆڤایەتی مرۆی کوردانەدا خەبات و قوربانیان داوە . شێخی نەمر کە بە ڕابەری بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی مۆدیرن دادەنرێت. خاوەنی بیر و دروستکەری یەکەم دەسەڵاتی مۆدیرنی کوردی دوای ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم . ڕۆڵەی بە ئەمەکی ئەم شارە بووە . مەبەستی ئەم ووتارە بەسەرکردنەوەی تەواوی کەساییەتیە ناودارەکانی ئەم شارە نیە . بەڵکو ئەم ووتار کۆمەڵە ووشە سلاوێکی پڕ ڕێزە لە خانمی ( حەپسە خانی) نەقیب و ڕۆڵی گرنگی لە مێژووی میللەتی کورد و ڕوییەکی هوشیار و مرۆ دۆستی شاری سلیمانی . ئەم خانمە یەکەم ئافرەت بووە کە بیری لە دروستکردنی قوتابخانەیەك کردۆتەوە کە تایبەت بیت بە ئافرەتان . بۆ ئەم مەبەستەش خانوویەکی خۆی تەرخانکردو کردی بە یەکەم قوتابخانەی ئافرەتان لە سلیمانی , خۆشی دەبێتە یەکەم قوتابی تێدا . لەو ساتەدا کە ئەم قوتابخانەیە لە سلیمانی هەبووە لە هەموو دنیای ئیسلامیدا قوتابخانەیەك نەبوو تایبەت بێت بە ئافرەتان . بۆیە شانازی ئەم کار و هەڵۆیستە دەبخشرێتە ئەم خانمە کورد پەروەر و مرۆ دۆستەی شاری سلیمانی . یادت بە گۆڵ ( حەپسە خان ) گەلێك ئافارەتی کورد هەن بوونەتە ئەستێرەیەکی وەها گەش نە کورد کەسانی بێگانەش پێان سەرسام بوون . عادیلە خانمی هەڵبەجەش یەکیکە لە شاژنەکانی نەتەوەکەمان کە ئینگلیزەکان زۆر بەڕێزەوە مامەڵەیان لە تەکدا کردووە .کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم وتالانی سوپای دڕندەی تورکەکان لە برساندا دەینالاند ئەو ئافرەتە ئەستیرانە لە کاتێکدا ڕوویەکی شانازیداری کۆمەڵگای کوردەواری بوون ... دایکی

منداڵە برسی و خوشکی برا داماوە و بێکارەکانی کوردستان بوون . . ئیستا لە شارەکەی حەپسە خانی نەقیب دا . لە زەمەنی ئەنتەرنیت و کۆمپیتر و مۆبایل و شەپۆلی گلۆبالیزمدا . شاری سلیمانی لە شاری (هەڵمەت و قوربانیەوە ) بۆتە شاری سمێڵ فش و وورگ پڕ برنج و ملوینەری دۆلاری مەزادخانەی ماف و کەرامەتی کورد و کۆنەجاش و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی سفرە چەورکەرەکانی دەسەڵاتی دکتاتۆرە تازە هەڵتۆقیوەکە ومافیای جەلالی . لە سەردەمی جەلالیدا کەرامەتی ئەم شارە گەیشتە نزمترین خاڵی نمرەی بێهەڵویستی لە ئەرکی نەتەوایەتی و مرۆیدا . سەردەمی جەلالی یانی سەردەمی سڕینەوەی میژووی زێڕینی ئەم شارە پڕ قوربانییە . لەم سەردەمەدا نەك ( ملازم محسن ) یك شەوانە مێزی بەزمی شەوانی بە لەشی ئافرەتەکانی ئەم شارە دەڕازێنتەوە بەڵکو لە هەموو دەزگایەکی دەسەڵاتی حوکمەتۆکەکەی جەلالیەکاندا , لە هەموو کۆلێجێکی زانکوی سلیمانیدا . لە جیاتی ملازم محسن یٚکی ناوگەڵ چلێس . چەندەها ملازم محسین یٚکی جەلالی . شەوانە بازی بە کیژۆڵە برسێەکانی ئەم شارە دەکەن .**و*** ئەوەی ئیستا لەم شارەدا ڕوودەدا سمێل فش و ورگ پڕ برنجەکان لیٚ بێدەنگن لە چاو سەردەمی بەعسدا بلقێکی جڵکاوی زیرابی میژووی بۆگەنی بەعسە .
ڕاستیەکان دەگێڕنەوە لە  سلیمانیدا وەك هاوسەرەکانی هارونە ڕەشید و شای ئیران و مارکوسی فلیپین و صەدامی دڕندە . یەکی لە ڕووە ناشیرینەکانی بەعسیە کوردەکان ( جەلالی ) لەم شارەدا دەسەڵاتی ڕەهای هاوسەری دکتاتۆرەکە ( بەڕیز هیرۆ خانم ) ە کە بە هۆی قۆرخکردنی زۆربەی کەناڵە ئابووریەکانی حکومەتۆکەکەی سلیمانیەوە نەك خۆی , بەڵکو برا و کەس و کار و دراوسیٚ کۆونەکانیشی بوونەتە ملوینەری دولار . ئەم شارە لەژێر دەسەڵاتی ڕەهای ئەم خانمەدا , ژمارەی بێوەژنە میرد قوربانیەکان و منداڵە هەتیوەکانیان . سووی بوونی خۆیان وداماوییەکانیان دەکەن بە بەردی بناغەی کۆشکی ئارەزووەکانی ئەم خانمەی سەردەمی ئەنتەرنێت . ئەو داماوانە سوپایەکی بێدەنك کراون . ماف زەوتلیکراون . چ سەردەمێکە ئەم سەردەمە ؟ سەردەمی کەڵەکردنی دۆلارە یان خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی  نەتەوەیەك کە تائیستا ئافرەتە کوردە گەرمیانیە فرۆشراوەکانی ئەنفال لە خانەی بەزمی شەوانی قاهیرەدا چاوەڕی ئاڕوویٚکن و خانمی سەرۆکیش سەرگەرمی کەڵەکردنی دۆلارە . سەیرە پرسیارێکی تیژە ئەری بۆ کوڕە پێشمەرگەیەکی داماو کریکار و بێکار بێت و کوڕەکەی برایم ئەحمەد و برای بەریز هیرۆخانم وژنبرای دیکتاتۆر تاڵەبانی لە ژیانیدا دڕکێك بە پەنجە تووتەیدا نەچوە . لە سایی ڕاپەڕینەوە ئیستا خاوەنی کارگەی جگەرە بێت ؟؟؟!!!. ئای کە گاڵتجارییەکی میژوویە و بە کورد و کەرامەتی دەکری و نووسەران و ڕۆژنامەنووسە کوردە سفرەچەورکەرەکانی سلیمانی . لە خەڵوەتدا دەژین , مرۆڤی کورد بۆتە کاڵا و بەعسییە کوردییەکان ( جەلالییەکان ) بازی بە چارەنووس و قووتیان دەکەن ... ئەوان چەند تاوانبارن . بێدەنگ بوونی زمانە جەربەزە نەتەوەییەکان هەزارەها تاوانە و لە مرۆڤی کورد دەکرێت .. دڵنیام لەوەی ڕۆژێك  دادیٚ , چۆن پاپای ڤادیکان دوای چەندەها ساڵ دڵنیا بوو گالیلی ڕاستگۆ بوو . ئاواش ڕۆژێك دابێت پینووسێکی چاو گەش مێژووی ئەم شارەی سەردەمی دەسەڵاتی بەعسیە کوردییەکان (جەلالیەکان ) بنوسێتەوە بەڕێز هیرۆخانم لەو پەرتووکەدا .
 بکات بە پاژنەی پانیبەرزەکانی حەپسەخانی نەقیب .

* پانیبەرز : جۆرە پێڵاو یان سەرپییٚ یەکی ژنانەیە لە سەردەمی کۆندا لە سلیمانی باوببوە .

**نامەکەی کاك نەوشیرەوان , کۆسرەت ڕەسول ٚ و عمر سید علی  بۆ دیکتاتۆر تاڵەبانی  /کوردستان پۆست .**

**** رسالة مفتوحة الي القائد الكردي الاخ نوشيروان مصطفي .... جوان فتاح علي ( زۆر سوپاس خۆشکە چەوساوەکەم کە ئەم نامەیەت بۆ ئیمایلکردم )**

2004/12/05

**سانپیتەرس بۆڕگ**
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de